سودانی کوژرانی تیرۆرست عەبدوڵا مەکی کە وەك والی سوریا و عێراق بوو ناگەیاند

سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند، بەدەستی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق بە پشتیوانی و هەماهەنگی فەرماندەیی ئێپراسیۆنە هاوبەشەکان و هێزەکانی هاوپەیمانی نوودووتی، تیرۆرست عەبدوڵا مەکی کە وەك والی سوریا و عێراق بوو کوژرا.

ئەمڕۆ هەینی ١٤ی ئازاری ٢٠٢٥، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند، عێراقییەکان بەردەوامن لە سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانیان بەسەر هێزەکانی تیرۆردا، هێزەکانمان توانیان تیرۆریست عەبدوڵا مەکی بکوژن، کە بە (ئەبوو خەدیجە) ناسراو بوو.

ئاوەشی خستووە، ئەو کەسە پێستی بەناو (جێگری خەلیفە کە بە والی عێراق و سوریا و بەرپرسی لیژنەی پاسپەردراو و بەرپرسی نوسینگەکانی ئێپراسیۆنەکانی دەرەوە ناسراوە) هەیە، بە یەکێک لە تیرۆریستە مەترسیدارەکانی عێراق و جیهان دادەنرێت.

وتیشی، پیرۆزبایی ئەم دەستکەوتە ئەمنییە گرنگە لە عێراق و عێراقییەکان و هەموو گەلانی ئاشتیخواز دەکەم.